# بۆ ڕەخنەگرە ناو نهێنییەکان!

دەستپێکی ناعەقلانییەت لە سەردەمی نوێی کۆمەڵگای عەرەب، بە کوشتنی بیرمەندی گەورە حوسێن مروە دەستی پێکرد، هەمان ئەو هێزە لە کۆمەڵگای کوردستان دەستی بۆ چرۆی دژ بە نەزانی و دواکەوتن و پێشەواکەی(عەبدولڵخالق مەعروف)درێژکرد. ئێستا هەمان ئەو هێزە، بە درێژایی دوازدە ساڵ لە تاونی کوشتن بۆ تاوانی تیزاب ڕشتن بەسەر ژنان تا کوشتن بە کۆمەڵ لە ئاوایی خێڵی حەمە و تەپە درۆزنینە درێژە بە کارە چەپەڵەکانیان دەدەن. بەڵام سەرەڕای ئەوانە، ژیان لە ئێستاوە بڕیاری خۆی بەسەر ئەو بیرو دەستە چەپەڵانە داوە: لە سەر هەموو ئاستەکان، ژێرکەوتن و هەرەس.



من لە پێشەوە، بڕیارم داوە، بەدوای بۆچوون و لێتوژینەوەی ئەم یا ئەو زانای ئیسلامی لە بارەی قورئان نەکەوم، هەروا  پێویستیشم پێیان نیە. لەم نووسینانە تەنها ڕەچاوی یەك لایەن دەکەم، ئەوەش خوێندنی قورئانە بە چاوی مرۆڤێك لە سەدەی بیست و یەك. ئەوەی بۆ من گرنگ بێت ناوەڕۆکی خودی قورئانە کە بە سێ زمان(عەرەبی، کوردی کە لە لایەن بەڕێز مامۆستا هەژار وەرگێراوە و بە ئەلمانی) لە بەردەستمدایە لە گەڵ تەورات(بە زمانی عەرەبی و ئەلمانی) و ئەنجیل بە زمانی عەرەبی و کوردی و ئەلمانی. هەروا سوودم وەرگرتووە لە چەند کتێبێك کە لە شوێنی خۆیاندا هێمام بۆ ناوی نووسەر و لاپەرەکانم کردووە.

من بە مافی ڕەوای خۆم و هەموو کەسێك دەزانم، ئازادانەو بە گوێرەی توانای خۆی، بیروبۆچوونەکان لە بارەی هەموو بابەتێك بڵاوبکەنەوە. ئاین یەکێکە لەو بابەتانە کە بە سەدان ساڵە بە زمانی کوردی بە دەگمەن  ڕەخنەی لێگیراوە. گەرچی من یەکەم کەسیش نیم لەم بارەیەوە دەنووسم، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێم، من ڕاستەوخۆ بە بیری کۆمونیستی، بە زمانی کوردی، لە دڵی ئەو ئاینە دەدەم و تا پێم بکرێ هەوڵ دەدەم لە لای تاقە کەسێکیش بێ، لە کوتانی بخەم. ئەمە زۆر کەسی نیگەران و توڕە کردووە، چونکە بە ئەقلی پۆخڵیان کۆمونیزم بەسەر چووە...تێکشکاوە...باوی نەماوە....هتد

بە ڕاشکاوییەوە، بەرگری ژێردەستەکان، ئێستاش هەر ڕەنگی سوورە! هەروا بەو زاتاتە دەڵێم دوژمنانی کۆمۆنیزم زۆرن، پلەو و پایەی ئێوە لەو هەرەمە لە ئاستی قالۆنچەیە!

من بە گوێرەی توانام و بەناوی دروستی خۆمەوە، ئەرکی بەشداربوون لە پوچەڵکردنی پایەیەکی دواکەوتن و زەوتکردنی ئەقڵ لەناو کۆمەڵگاکەم لە ئەستۆ گرتووە. لێ داخەکەم، کەسانی"مەدەنی، دڵسۆز، زاناو زیرەك"ی وا هەن، ڕێ بە خۆیان دەدەن، بە ناوی نهێنی، هەڕەشە، ڤیرۆس و ڕەخنەی ڕەوا و ناڕوام بۆ بنێرن. لە هەڕەشەکەرەکان و ئەوانەی ڤیرۆسم بۆ دەنێرن، دەبوێرم و لێیان نیگەران نیم، چونکە لەوە زیاتریان پێ نییە، بەڵام لەو کەسانە نیگەرانم کە بە نامەی نهێنی جوێن و سوکایەتی دەکەن*. ئەمە کارێکی زۆر نابەجێیە، چونکە ئاسانترین مافم لێ زەوت دەکەن: ناسینی کەسایەتی ڕەخنەگر. کە بە ڕێزەوە پێیان دەڵێم ئەگەر بە ناوی ڕاستەقینەی خۆتان نامەم بۆ نەنووسن، بلۆکتان دەکەم، لە وەڵامدا دەنووسن: (ئەمن ناوم کارزانە و ئەوەش لە بایەخی ڕەخنەکەی من لە تۆ و نووسراوەکەت کەم ناکاتەوە). و پاشان (هەڕەشەی ڕەخنەگرتنم لێ دەکەن لە ڕۆژنامە و سایتەکان)!!"سنووری ڕەخنەی بەجێم بۆ دەکێشن" یا پێم دەڵێن" تۆ کوردی، عەرەبی نازانی، نە پسپۆری ئیلاهییاتی و لە باسی مەنتیق و فەلسەفەدا کولی و دەتوانم بڵێم شارەزاییت نییە، ئیدی بۆ ئیهانەت بە ئاین دەکەی...لە ڕەخنەش دەرس وەربگری باشە...هتد

ئاخر ئەوە ئەقڵە؟ بۆچی ڕەخنەکانیان بلاو ناکەنەوە؟ کێ دەستیانی گرتووە؟ من ڕێز لە توندترین ڕەخنە دەگرم، بەڵام ڕەنگە هەندێ جار بە دروستری بزانم وەڵام نەدەمەوە. ئایا هۆی ئەو کەسانە چییە، بە ناوی نهێنی نامەم بۆ دەنێرن؟ ئاستی ئەم ڕەخنەگرە نهێنییە وەك ئەو کەسەیە، لە دەرگای ماڵان دەدا، کە خاوەن ماڵ پرسیار دەکات، بەڕێزتان کێن، لە وەڵامدا دەڵێ، بە تۆ چی؟ یا ئەوە گرنگ نیە!!من دەستپێشخەری دەکەم بۆ فێربوونی ئەم کابرایەو ئەوانەی وەك ئەم بەرخورد دەکەن، بۆ ڕزگارکردنیان لە نووسین و سوکایەتی بە کەسێکی تر بە ناوی نهێنییەوە و دەقی ئیمیلەکەی دەخەمە بەر دەستی بەڕێزتان، تا جارێکی تر ئەو گێلایەتییە نەکەن.

سەیر ئەوەیە، لە بەرامبەر مافی سەرەتایی خۆم بۆ ناسینی ئەوەی لە دەرگای ماڵەکەم دەدا، دەنووسن: تۆ دەتەوێ بلۆکم بکەی. ئەگەر ئەو کارە بکەی دوو هۆی بۆ دەبینمەوە، یان ئەوەیە کە تۆ متمانەت بە خۆ نیە یان ئەوەیە تۆ لە فێربوون رادەکەی لە هەردوو حاڵدا تۆ تێشکاوی.ئەگەر وا بێ ناچار دەبم وەڵامی نووسراوەکانت بخەمە بەر چاوی هەمووان ! !

ئاخر من چی لەم"مامۆستایە"فێرببم؟ دیلۆکی چی لەگەڵ بکەم؟

مەبەست من لەو زنجیرە وتارانە ئەوەیە، تابووکردنی لێکۆڵینەوە، رەخنەو ئاڵوگۆری بۆچوونەکان لە بارەی ئاینەکان و بە تایبەتی قورئان وەك پیرۆزترین کتێبی ئیسلام لەناو کۆمەڵگای کوردستان کۆتایی پێبهێنرێت. هەڵبەت ئەم کارەش بە بێ کەموکۆری نابێت. ئەو قەڵەمە ماچ دەکەم کە بە توانایەکی باشتر، بەرزترو هوشیارتر لەم گۆرەپانە بکەوێتە ململانی. بۆ من گرنگ ئەوەیە بە هەموو تواناکانمانەوە رێگا لە دواکەوتن، غەیب و کوێرکردنی بینای ژێردەستەکان بگرین، دەنگی پێشکەوتنخوازی و کۆمونیستی کوردستان شوێنی خۆی بگرێ لە رەخنەگرتن لەم بوارە !

گەرچی من چەندین جار رامگەیاندووە کە بە راستی سەر بە هیچ حزب و لایەنێك نیم و تا ئەم چرکەیە نامەوێ ببم بە ئەندامی هیچ لایەنێك، کەچی پرسیارم لێ دەکرێ سەر بە کام حزب و گروپێکم! ! پاشان پێشنیارم لە سەر دەکەن: ( ناوی خۆم بگۆرم بۆ ستالین و ناوی باوکم بۆ پۆلپۆت یا ئەنوەر خۆجە، چونکە ئەوانە بۆ دژایەتی ئاین لە ریزی هەرە پێشەوە بوون. من دژی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریام... سەردەمەکەی بەسەر چووە. قانونی زێدەبایی بۆ سەردەمی ئێستا نایخوێنێتەوە. ئەزموونی وەلاّتانی سۆسیالیستی نیشانی دا کە ئەو تیئۆرییە خیاڵە و بۆ ئەم سەردەمە نابێ....)

ئاخر ئەمە کەی ئاستە بۆ گۆرینەوەی بۆچوونەکانمان؟ هەروا داوام لێ دەکەن: ( شارەزاییم هەبێ لە وردەکاری زمانی عبری یان ئەنگلیزی یان ئەلمانی یان لاتینی کە ئەو کتێبە بەو زمانە وەرگێردراوە و تەفسیر و تەئریخ و دەیان کتێبی لە سەر خوێندبیتەوە. یان لە سەر قورئان، لانی کەم عەرەبی باش بزانی...ئەوەی تۆ نوسیوتە، زۆر سەرەتایی و نزم بوو بە داخەوە).

رەنگە نووسینەکەم سەرەتایی و نزم بێ، بەلاّم ئەم"مامۆستایە" دەتوانێ ناوی دوو بابەت بە زمانی کوردی بە بیروبۆچوونی شیوعییانە وەك هەڵویستی کۆمونیستی زانستی لە بارەی ئاینەکانەوەو ئەو وتارانە لە بارەی سورەتەکانی قورئان، بهێنێ؟ ...

لە دواییدا، سوپاسی پێپایانی ئەو سایتانە دەکەم کە داوای ناردنی وتارەکانم لە بارەی قورئانیان لێ کردم و ئەوانەی بلاّوی دەکەنەوە. نەفرەتیش لەو سایت **و کۆمپیوتەرچییانە دەکەم کە لە نێوان وتارەکانم و ئیسلامە درندەکان، پروپاگەندە بۆ سایتی (باوەر)یان هەڵبژاردو بە بەرۆکی خۆیان هەڵواسی، بە نووسین پێیان گوتم"یەك ملیارد ئیسلام هەیە بروای بەم کتێبە هەیە..."، پاش چەند سەعاتێك وتارەکەمیان لابرد !

هیوادارم هەموو قەڵەمەکان بەشداری جیدی تر، باشتر و بەتواناتر بکەن لە رسواکردن و نابوتکردنی ئاینەکان...

هەڵوەشێ لەمپەرەکانی سەر رێگای ئازادی ژێردەستەکانی کوردستان !

سەلام عەبدوڵلا
salamabdula@hotmail.com
٢٠٠٣/١/٩

*ئەدرەسی ئەو کەسە:

karzankarzan601@hotmail.com . ئامادەم خودی ئێمیلەکانی بۆتان بنێرم.

** سایتی کوردستانێت